The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

# ڕۆژنامەی بەدرخان بە دوای 18 پاکیزەکەیا سەردانی میسر دەکەن ؟؟

## میلەتێك مل کەچی و زەلیلی قەبوڵ بکات , شایانی سەربەخۆیی نییە

لە دوای ڕوخانی ڕژێمی فاشی بەغداو ئاشکرا بوونی یەکێک لە پڕ شەرمەزارترین بەڵگەنامەکانی بەعس , کە تیایدا ڕۆڵی میسر دەردەخات لە هاوبەشی جینۆسایدکردنی گەلی کورد و بە کۆیلەکردنی تاکی کورد , دەبوایە کورد بایی ئەوەندە کەرامەتی سیاسی هەبوایە ئەگەر هەولی بە دادگایی گەیاندنی دەولەتی میسریشی نەدایا , ئەوا موقاتەعەی سەرتاسەری دەولەتی میسری بکردایا لە ڕوی بازرگانی , هات و چۆ , سیاسی , دیبلۆماسی , بەڵام بە داخەوە نەک ئەمەیان نەکرد بگرە ئەوانەی بەرژەوەندییان لەو پەیوەندیانەیە خودی تاوانەکانی میسریشیان خستە ژێر پرسیارەوە .
ئێمە سەرباری بەڵگەنامەی بە کۆیلەکردنی 18 پاکیزەکەی کورد لە لایەن میسرەوە , بەڵگەنامەی تەواوی قاتعمان بەدەستەوەیە لە بەخشینی هەزاران تەن کیمیاوی لە لایەن دەولەتی میسرەوە بە حکومەتی عێراق و بەکارهێنانی دژ بە گەلی کورد , ئەمەش هاوبەشی بێ ئەملاوئەولای میسر دەردەخات لە جینۆسایدکردنی گەلی کورد .
بە داخەوە جگە لە سیاسیەکان کە گوێ نادەنە داخوازەکانی خەڵک و هێڵێکی دیاریکراویان نییە لە مامەڵەی سیاسی لەگەڵ داگیرکەران , گروپی ڕۆژنامەی بەدرخانیش بڕیار وایا سبەی سەردانی میسر بکەن , لە کاتێکدا ئەم گەشتە دەکەن ,لە ناوخۆو دەرەوەی کوردستان , جەماوەر ناڕەزایەتی دژ بە حکومەتی میسر دەردەبڕێت و داوای چارەنووسی ئەو 18 پاکیزەیەیان لێ دەکەن , دیارە ڕۆژنامەوانانی بەدرخان بەدوای ئەو خوشکانەیانا دەچن ئێمە پێمان نەزانیووە ؟.
بەدرخانیەکان دژ بە داگیرکەران قاهیرەیان هەڵبژارد بۆ دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی , تاکو لە ڕێگەی ئەو ڕۆژنامەیەوە داکۆکی لە کەرامەتی کورد بکەن , نەک ناوی بەدرخان بقۆزرێتەوە بۆ گەشتی ڕۆژنامەگەری بۆ تەواوی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان و وڵاتێک کەرامەتی کوردی خستۆتە ژێر پرسیارەوە .
ئەو گروپە ڕۆژنامەنووسییەی سەردانی میسر دەکەن بەشی زۆریان کەسانی دڵسۆزن , بەڵام دەبوایا هەستیان بە هەستیاری ئەم سەردانەیان بکردایا , بیانەوێت و نەیانەوێت بەم گەشتەیان بەشداریدەکەن لە ڕوشاندنی کەرامەتی تاکی کورد , ئەمە گەندەڵیی ئەخلاقی و سیاسییە . بۆیە باڵوێزی میسر لە سوید وتی : کوردەکان فێر بوونە داکۆکی لە مافەکانی خۆیان دەکەن , چونکە ئەو لیستی سیاسی و ڕۆژنامەنووسەکانی شەرم شێخی کوردی لابووە , بۆیە ئەو قسەیە بە سانایی دەکات ! .
لە ئێستا بە دواوە چاک ناوی هەموو ئەو کەس و وەفدانە بڵاو دەکاتەوە کە سەردانی میسر دەکەن و پرۆتستۆیان دەکات , هەروەها داواکارین لە هەموو لایەک زەمینەی موقاتەعەی گشتی بازرگانی , سیاسی , دیبلۆماسی , هات و چۆ لەگەڵ دەولەتی میسر خۆش بکەین .

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد –چاک
2006–5–14